

ئەڵماس مستەفا

**ئەو دەرگایە هەر نەکرایەوە، چاوەڕوانی..**
**چاوەڕوانی هەر نەبڕایەوە**

دوێنێ شەو خەوم پێتەوە دی
لە خەوما بووبووی بە..
فریشتەیەک،
مۆمێک کزکز لە ژوور
سەری تەنیایت پێ کردبوو،
هێندە سە رقاڵ بوویت
من خولیای ئەوەم بوو

بزانم کێ جگە لە من،
هۆش و بیری
ڕاپێچی دیوەخانی،
ئەوینی کردووی.
تۆ هێندە سە رقاڵ بوویت
ووشەت لە دوای ووشە .
ریز ئەکرد،
من هەر لە دورەوە
ئەمڕوانیە نیگا خەیاڵاوییەکانت
جارجارێک جگەرەکەت بە دان ئەگرت
بە فیزێکەوە پێت ئەوتم.
هەر ئێستاکە مەستت ئەکەم
کچە بێ نازەکە !
هەر ئێستاکە لە چاوەکانما وونت ئەکەم
لە پێکێکا لێوەکانت ئەخۆمەوە،
من هەر چاوەڕێ بووم
بێیت و سەر بدەی لە ماڵە
تەنیاییەکەی من .
من هەر چاوەڕێ بووم.
لە دەریای ماچەکانی منا

کەشتی روحت لەنگەر بگرێ
من هەر چاوەڕێ بووم .
دە ست لەو خامە و نووسینەت
هەڵگری تۆ ئەمجارە نووسینەکەت
تواندتیەوە هێندەی نەمابوو
هەموو حەز و هیواکانت
دەستەمۆکات.
هێندەی نەمابوو،
من هەر لە دوورەوە،
نیگایەکی پاڕانەوەم بە بادا
بۆ ناردی کە بینیم.
تۆ بەرلەوەی سەربدە ی
لە ماڵی خۆر، نهێنی حەزەکانت،
بۆ دەریا بگێڕیتەوە
بەرلەوەی نیگەرانی شەوە
تەنیاکانت بۆ مانگ باس بکەیت
ئەرۆی نامەیەک بۆ خەمی هاوڕێت
ئەنووسی ماندوونەبوونی رۆژگارە
ستەمەکانی لێ ئەکەیت
منیش حەز و چاوەڕوانی
لە دەروونما زۆرانبازیان ئەگرت
تۆش کە هاتی هەگبەکەت
پڕ کردبوو لە خەم.

**سوێد**

**ئەڵماس مستەفا**